www.kurdistannet.org
29-11-2006 10:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەستێرەی شەوێک... بۆ شاعیری عاشقان... شا - و ... ترێ عومەر



تا دێ شیعرت دەخوێنمەوە
کانی بیرم قوڵتر دەبێ
تا لە ووشەت وورد دەبمەوە
تەزووی نیگام
دوورتر دەبێ.
ئەگەر شیعری تۆ نەبوایە
خۆشەویستیم نەدەزانی
لە پرشنگی ووشەت فێر بووم
ڕێزبگرم لە ووشەو جوانی
من شیعریشم نەدەناسی
هێشوو هێشوو بۆت دەناردم
لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامە
ئەو ڕۆژنامەشم خۆش دەوێ
کە شیعرێکی تۆم بۆ دێنێ
وەکو نامە...
گەر ڕۆژێ شیعرت نەبینم
گیان بێزارو دڵم تاریک
چاویشم پێش خۆم نابینم
چی ماڵپەڕی دونیا هەیە
بە ناویاندا وەکو شێتێک هەر
دەگەڕێم
بەڵکەم یەک ووشەت ببینم..
چاوەڕوانم
هەر هیچ نەبێ لە دوو دێری هۆنراوەیەک
ناوم بێنێ
بمکەی بە ئەستێرەی شەوێک
یان وەک ئیلهامی شیعرێکت
بێیتە خەوم نیوە شەوێک...